کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 3-10-2007 16:33

**فریایی نەخۆشخانەی فریاکەوتن بکەون! ... موحسین شوانی**

بەبۆنەی بریندار‌بوونی هاوەڵێکم، کەبەڕووداوی ئۆتومبێڵ پەنجەیەکی شکابوو، پشت وسەری زامدارببوو! بەناچاری رێمکەوتە نەخۆشخانەی فریکەوتنی هەولێر، جی ی باسە ئەم رووداوە لەمەخموور رووی دابوو، بەڵام شاری مەخموور کە هەشتا ساڵە قەزایە وسی ناحیەی بەسەرەوەیەو سنوورێکی فرەوانی هەیە، کەچی بی نەخۆشخانەیە!

تەنیا بنکەیەکی بی خزمەتی لێیە بەدەست دووئیدارەی موسڵ وهەولێر دەناڵێنی! کاروچالاکی ئەم بنکەیە تەنیا رەوانەکردنی نەخۆشە بۆهەولێر، بڕوابکەن لەبەرتیشك (ئەشیعە) لەمەخموورەوە چووین بۆنەخۆشخانەی فریاکەوتن، دووری رێگاوئەوهەمووخاڵەپشکنینەو زاڵگەو قەڵەبالغەی شەقام وترافیك خۆی لەخۆیدا نەخۆشیەکی کوشندەیە!

بەهەرحاڵ گەیشتین بەنەخۆشخانەی فریاکەوتن ودەمێك پۆلیسەکان لەبەردەرگا رایانگرتین کەچووینە چوورەوە بۆقاوشی پێشوازی نەخۆشی پیاوان شوێنێك نەبوو هاوەڵەکەمانی لی دابنێین!کەس بەکەس نەبوو! تەنیا هاوارو قیژەو بابەڕۆوبۆنی خوێن بوو!

نەخۆش وبریندارێکی زۆر بی پەرستاربەدەم ئازارەوە چاویان دەگێڕابۆفریادرەسێك، ئەوانەی ناسیاوودەست رۆیشتووبوون کاریان ئۆکەی بوو وەك لەزۆربەی فەرمانگەکانی تری کوردستان کاریان بەم شێوەیە دەڕوات! دکتۆرو برین پێچەکانیش زۆر ماندووبێزاریان پێوەدیاربوو، بەردەوام لەهاتووچۆوچارەسەری نەخۆشەکان بوون، بەڵام فریایی هەمووش نەدەکەوتن، رەوشی قاوشی پێشوازی ئافرەتانیش بەهەمان شێوە شپرزەبوو، ئەوەی زۆر ناشیرین وبێزارکەربووزەنگی مۆبایل ودەنگ هەڵبڕین وهۆرنی ئیسعافەکان بوو باسی نەبوونی دەرمان وکۆنی شوێنەکە باسێکی ترە!

بۆیە دەپرسم ئەگەر پایتەختێك بەوهەموو بانگەشەی پێشکەوتن ومەدەنیەت ودیموکراسی وهتد... ئەوە حاڵی بێت ئەی شارەکانی تر چۆن؟لەجیاتی ئەو هەموو باڵە خانەو سووپەر مارکێت وبازاری هاوچەرخ وشاری خەونەکان وڤێلا وچی وچی...

باشتر وایە بیر لەدروستکردنی چەند نەخۆشخانەیك بکەنەوە، وەزارەتی تەندروستیش لەبەر کۆلێرا تەندروستی تێك چووە وئاگاری لەکەس نەماوە، پایتەختی هەرێم، پارێزگای هەولێر بەوگەورەییەی وئەوشاروشارەدی وگوندانەی دەوروبەری تەنیا یەك نەخۆشخانەی فریاکەوتنی هەیە، زۆر جاریش تا نەخۆش دەگاتە ئەم شوێنە گیان لەدەست دەدات! بۆیە تکایە فریای نەخۆشخانەی فریاکەوتن بکەون وپێشنیار دەکەم چەند نەخۆشخانەیەکی فریاکەوتن لەدەورەوەی شار دروست بکەن بۆ چواردەورەی پایتەخت وشارە نزیکەکانی وگەڕەکە دوورەکان، تکایە فریادرەس بەهانای ئەو خەڵکەوە وەرە.

2007/10/1مەخموور shwany@walla. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.